# لەشوێنی ئەوەی ئازار و مەینەتی، بۆچی شادی و هیوای دوارۆژ کۆیاننەکاتەوە؟

## دایکانی ئاشتی: خوێن بەخوێن ناشۆرێت

## ئەردۆگان: ئازاری دایکانی جۆلەمێرگ و دایکانی یۆزگارت بۆ ئێمە وەکیەکن

ئا: بێرند- ئەنقەرە



**دایکانی گەریلا و سەربازەکان یەکتریان لەباوەشگرت**

لەوکاتەی پرسی کورد لەتورکیا لەئاستی زۆر بەرز گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ، لەدیاربەکر دیدارێکی پڕ مەغزا و مانادار بەڕێوەچوو. بنەماڵەی سەربازێک و گەریلایەک کە لەشەڕدا گیانیان لەدەستداوە، دەستیان لەملی یەکتری کرد.

دایکی گەریلا و سەربازێک لەشرناخ، گەیشتنە لای یەکتری و یەکتریان لەئامێزگرت و بانگەوازیان بۆ ئاشتی کرد. سەرەتا ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شرناخ و نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئۆسمان گەلیش سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی شاندێکیان پێکهێنا بۆئەوەی دایکانی ئاشتی لەیەکتری نزیکبکەنەوە.

شاندەکە، کە دوو دایکی شەهیدی لەخۆگرتبوو، لەسەرەتادا سەردانی بارەگای پارتی داد و گەشەپێدان (AKP)ەیان کرد و دواتر سەردانی بارەگای پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP)ەیان کرد، لەلایەن ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بەچەپکە گوڵ پێشوازیان لێکرا.

باوکی سەربازێک کە کوڕەکەی لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٧ گیانی لەدەستداوە، بەمشێوەیە بۆ ئاژانسەکان دوا: "لەو رۆژەوەی کوڕەکەم شەهیدبووە تا ئەمڕۆ لەماڵەکەمان بەردەوام ماتەمە و خەم میوانمانە، ئێمە جگەرسووتاوین، بۆیە نامانەوێ هیچ ماڵێکی دیکە ئاگر بگرێت و خەمگین بن". باوکی ئەو سەربازە گوتیشی: "خۆزگە دیداری نێوان ئەردۆگان و ئەحمەد تورک زووتر سازبکرایە، من وەک بنەماڵەیەکی خاوەن شەهید بەهەر کلۆجێک ئامادەم رێگری لەخوێنڕشتن بکەم". دایکی گەریلایەکیش، بەناوی قومری بلگی بەمشێوەیە هەستی خۆی دەربڕی: "ئێمە ئازاری زۆرمان چەشت، بۆیە چیتر نامانەوێ ئەو چارەنووسە بەردەوام بێت. ئێمە ئەمڕۆش نامانەوێ خوێنی هیچ سەرباز و گەریلایەک بڕژێ".

ئەم بنەماڵانە دەستیان بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە بۆ ئاشتی کرد. ئەو خێزانانەی لەشەڕدا رۆڵەکانیان لەدەستداوە لەنووسینگەی رۆژنامەگەری باشووری رۆژهەڵات لێدوانێکی رۆژنامەوانیان راگەیاند. بنەماڵەکان لەئاکامی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی یەکگرتووی خێزانە شەهید و کەمئەندامەکان سەر بە (OHAL) و کۆمەڵەی هاوکاری و پشتیوانی میزۆپۆتامیا، کە رۆڵەکانیان گیانیان لەدەستداوە یان بێسەروشوێنن (DER-MEYA) کۆبوونەوە. پێش راگەیاندنی لێدوانەکیان، یەکتریان لەئامێزگرت.

یەکتر لەئامێزگرتنی ئەم بنەماڵانە بووە مایەی خولقاندنی سەردەم و قۆناخێکی تازە لەتورکیا. دەسپێشخەری دایکانی ئاشتی، کە بەجل و سەرپۆشی سپییەوە پێشوازیان لەدایکانی سەربازان کرد، لەپێناو ئاشتی بەهەنگاوێکی گرنگ و پڕمانا لەقەڵەمدەدرێ.

موسلوک ئۆزتورک سەرۆکی کۆمەڵەی یەکگرتووی خێزانی شەهیدانی سەر بە (OHAL) روونیکردەوە کە ئەوان بۆ پرسەی ئەو خێزانانە هاتوونەتە دیاربەکر کە رۆڵەکانیان لەشەڕدا گیانیان لەدەستداوە.

ئۆزتورک ئاشکرایکرد لەئەنجامی شەڕی ٣٠ ساڵدا سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگا ئازارێکی گەورەیان چەشتووە و گوتیشی "گیانی ئێمە و ماڵی هەندێکی دیکەمان لەدەستدا. لەبەرئەوە ئەو ئازارەی ئێمە قوربانی زۆریان بۆ دراوە، بەهەزاران خێزان بەهۆی بەخشینی گیانی لاوەکانیان قوربانییەکی زۆریانداوە، بۆیە هیچ کەسێک بەقەد ئێمە هەستی بەئازار نەرکدووە".

**خوێن بەخوێن پاک نابێتەوە**

ئۆزتورک رایگەیاند کە هەستی تۆڵەسەندنەوە مەینەتییەکان کەم ناکاتەوە، گوتی: "خوێن بەخوێن پاکنابێتەوە، بەڵکو هەستی کین و نەفرەت لەجێی ئەوەی ئێش و ئازار کەمبکاتەوە داوای رژاندنی خوێنی زیاتردەکات. ئەو ئازارەی ئێمە وەکو دایکان چەشتوومانە پێویست ناکات هیچ کەسێک بیچێژێت. پێویست ناکات بەیانی منداڵ و دایک و دراوسێیەکی دیکەمان بکوژرێن.

لەبەرئەوە پێویستە ئەو لاپەڕە شوم و تاریکانەی کە ڕێگرە لەوەی ئێمە بگەینە یەکتری بۆ مێژوو بەجێ بهێڵدرێ. ئێمە وەکو برا کە هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە پێکەوە دەژین، بەیەکەوە ئازارمان چەشتووە، چارەنووسێکی هاوبەشمان هەیە. بەڵام لەشوێنی ئەوەی ئازار و مەینەتی کۆمانبکاتەوە بۆچی شادی و هیوای دوارۆژ کۆماننەکاتەوە".

**وەرن رابردووی خوێناوی و دوژمنایەتی لەیادبکەین.**

لەسەر هەمان پرس، ئۆزتورک بانگەوازی ئاراستەی رای گشتی تورکیا کرد و گوتی: "وەرن بەیەکەوە رۆژانی رابردووی تاڵ لەیادبکەین، چەک و نەفرەت و دوژمنایەتی دووربخەینەوە، با یەکتری لەئامێزبگرین. لەجیاتی ئەوەی منداڵەکانمان یەکتری بکوژن، بۆچی بۆ دوارۆژێکی ئازاد کارنەکەن؟ تەنها داخوازی ئێمە ئەوەیە کە خوێن و فرمێسکی دایکان نەڕژێت. ئەمە ئەرکێکی مرۆڤانەیە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو کەسێکەوە".

موسڵوک ئۆزتورک لەکۆتایی لێدوانەکەشیدا رایگەیاند، کە هەست بەئازاری هەموو کەسێک دەکات و بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی هەموولایەک کرد. لەدوای ئۆزتورک حەسەن پەنجە سەرۆکی (DER-MEYA) لێدوانێکی هاوبەشی پێشکەشکرد و رایگەیاند کە دیدارەکەیان زۆر گرنگ و سوودمەند بووە و گوتی: "هەوڵەکانی ئێمە بۆ وەستاندنی ئێش و نەهامەتییەکانە". هیواشی خواست کە ئەو دیدارەیان ببێتە سەرەتای قۆناخێکی نوێی ئاشتی و بناخەی یەکێتی و یەکسانی.

**بەخشینەوەی سەرپۆشی سپی وەک دیاری**

لەکاتی خوێندنەوەی لێدوانەکاندا، دایکی گەریلاکان لەوکاتەی فرمێسک لەچاوانیاندا دەباری، سەرپۆشی سپیان وەک سیمبۆلی ئاشتی بەسەر ئامادەبووان دابەشکرد. پاش ئەوەی وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانیان دایەوە، ئەوەیان روونکردەوە کە هاتنیان بۆ ئامەد سەرەتایەکە و هەنگاوی یەکەمە لەپێناو ئاشتیدا. هەروەک رایانگەیاند کە ئەوان لەچەند رۆژێکی دیکەدا بنەماڵەی گەریلاکان بانگهێشتی ئەنقەرە دەکەن و هەوڵدەدەن ئەو بانگهێشتە لەمانگی رەمەزانی پیرۆز ئەنجامبدرێت و نانی رۆژوو شکاندن بەیەکەوە بخۆن.چاوەڕێش دەکرێت چەندین بەرپرسی باڵای پارتە سیاسییەکان لەم دەستپێشخەرییەی مانگی رەمەزان ئامادەبن.

ساکینە ئارات ئەندامی (MEYA-DER)، کە دوو منداڵی لەشەڕدا لەدەستداوە، دیداری نێوان دایکانی ئاشتیان بەمشێوەیە هەڵسەنگاند: "لەکاتێکدا ٣٠ ساڵە لەجەنگێکی بێماناداد دەژین، ئومێدەوارین گەلی کورد بەشێوازی دیموکراتی و ئاشتیانە بەئامانجە رەواکانی شادبێت". گوتیشی: "ئەوانەی لەشەڕدا سوودمەندبوون، پێداگری لەسەر درێژەپێدانی شەڕەکەن. بۆیە ئەم دیدارە وەک سەرەتایەک لەپێناو ئاشتیدا هەنگاوێکی زۆر گرنگ و واتادارە".

**پێداگری لەسەر شەڕ لەپای چی؟**

گوتەبێژی دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی نەزاهەت تەککە رایگەیاند، کە بەئامانجی پەکخستنی ئۆپەراسیۆنەکان هەر رێپیوانێک بۆ بەردەم فەرماندار‌ی گشتی سوپا سازبکەن، بەڵام رێگەیان پێنەداون. تەککە ئەوەشی روونکردەوە کە ئەوان بەهیوای ژیانێکی باشتر روویانکردۆتە ئەنقەرە، بەمەش بانگەوازێکی ئاراستەی سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا کرد و گوتی "ئێوەش منداڵتان هەیە. ئێوە دەتانەوێ ئەوانە بمرن، لەکاتێکدا داوکاری زۆرتان بۆ راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان هەیە، بۆچی ئێوە پێداگری لەسەر لۆژیکی شەڕ دەکەن و لەبەرچی تەنها بیر لەشەڕ دەکەنەوە؟".

دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی دایکانی ئاشتی بەئامانجی راکێشانی نیگاکان بۆ سەر پرسی کورد و زیادبوونی ئۆپەراسیۆنەکان لەکوردستان بەردەوامە، دواجار هەوڵیاندا رێپیوانێک بۆ بەردەم بارەگای سەرۆک ئەرکانی سوپا سازبکەن بەڵام رووبەڕووی پۆلیس بوونەوە و ئاستەنگیان بۆ دروستکرا. دایکانی ئاشتی لە دیاربەکر، ئیستانبوڵ، ئیزمیر، جۆلەمێرگ، وان، سێرت بەرێکەوتن و لەگوڤەن پنار گردبوونەوە. دایکان لەژێر دروشمی "باچەکەکان بێدەنگ بن.. با چیتر دایکان نەگرین.. دایکی سەربازەکان وەرن پێکەوە تێبکۆشین بۆ نەمانی شەڕ.. دەست لەمنداڵان مەدەن". زۆر هەوڵیاندا بەرێبکەون بەرەو بەردەم بارەگای سوپاسالاری تورکیا بەڵام لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دوورخرانەوە.

بەدریە یورگون سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی (SES) و حوسێن گوڵپنار ئەندامی (MYK)ی سەوز و خەتیب دیجلە ئەندامی (MYK)ی DTP و زۆربەی رێکخستنەکانی DTP لەئەنقەرە و هەڵسوڕاوانی BDP و IDH و DER-THYD و چەند رێکخراوێکی دیکە بەشداری چالاکی دایکانی ئاشتیانکرد.

ئەو دایکانەی سەرپۆشی سپیان پۆشیبوو لەلایەن پۆلیسەوە ئاستەنگیان بۆ نرایەوە و پۆلیس داوایکرد لافیتەکان دابنرێن و رێگایان نەدا رێپیوانەکە بەردەوام بێت و لەبەرامبەردا دایکان دەستیان بەچالاکی دانیشتنکرد.

نەزاهەت تەککە لەلێدوانەکەیدا گوتی "شەڕ مانای ئەوەیە ئێمە وڵاتەکەمان رادەستی قەدەر بکەین و منداڵەکانمان بەرەو مردن دەنێرین. ماوەیەکی زۆرە ئێمە وەکو دایکانی ئاشتی شار بەشار لەهەوڵی ئەوەداین ئازار و هاواری دایکانی شەهید کۆبکەینەوە. لەبەرئەوەی منداڵانی ئێمە لەشەڕێکی چەپەڵدا گیان لەدەستدەدەن".

نەزاهەت تەککە روونیکردەوە رۆژانە دایکان و باوکان هەواڵی مەرگی رۆڵەکانیان سەرگەردانیان دەکات و بەدەیان هەزار منداڵ ژیان لەگرتووخانەکان بەسەردەبەن و گوندەکەیان وێرانبووە و دەربەدەربوونە". هەروەک تەککە بانگەوازێکی ئاراستەی سوپاسالاری تورکیا کرد و گوتی "ئێوەش منداڵتان هەیە، دەتانەوێ منداڵەکانتان بمرێ، بۆچی پێداگری لەسەر شەڕ دەکەن و لەشوێنی رەچاوکردنی هەستی خەڵکی دەڤەرەکە، زامەکان قوڵتر دەکەنەوە".

لەگەڵ ئەوەی رۆژانە خواستێکی گشتی بەدیدەکرێ بۆ راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا، هاوکات گەلی کوردستانیش ئامادەیە داخوازییەکانی بەرێبازێکی دیموکراتیانە رابگەیەنێت، لەم میانەدا خانمی تەککە رایگەیاند زەرەرمەندی یەکەم لەو شەڕانەدا دایکانن و گوتیشی: "ئێمە وەک دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی لەدژی مەرگ داوای ژیان و لەدژی شەڕ داوای ئاشتی دەکەین. لەبەرئەوە پێویستە تێڕوانینی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەهەند وەربگیرێ و حکومەت و سوپا ئۆپەراسیۆنەکان رابگرن و زەمینە بۆ ئاشتی و سەقامگیری سیاسیی خۆشبکەن".

**ئەردۆگان: ئازاری دایکان وەک یەکن**

سەرەکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان رۆژی لەکۆبوونەوەی گروپی پارتەکەیدا لەپەرلەمان، لەبارەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەوڵاتەکەی رایگەیاند "بەهەر کلۆجێک بێت و هەرچی پێویست بکات ئەوان لەرێگای چارەسەری پاشەکشێ ناکەن". سەرەکوەزیر ئەردۆگان لەلێدوانەکەیدا گوتی: "ئەگەر ٣٠ ساڵ لەوەوبەر چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە بکرایە، ئێستا بەم چەشنە گەورە نەدەبوو، ئەوکات تورکیاش بەم دۆخە نەدەگەیشت".

ئەردۆگان لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەربارەی پرسی داهاتوو پەیڤی و گوتی: "ئەگەر تورکیا هەوڵەکانی لەدژی چەتەکان دوانەخستبووایە، ئەگەر تاوانەکانی رەشەکوژی بکەر نادیار لەکاتی خۆیدا ئاستەنگی بۆ دانرابووایە، ئەوکات تورکیا وڵاتێکی چۆن دەبوو؟". سەرەک وەزیر داوایکرد ئەو پرسیارانە لەخۆیان بکەن و رێگایەک بۆ وەڵامەکان بدۆزنەوە. ئەردۆگان لەدرێژەی قسەکانیدا باسی گۆرانی (یەمانێ)ی کرد و ئەحمەدی خانی وەک نموونە هێنایەوە، هەروەک گۆرانی (هەڵەبجە)ی شڤان پەروەری بەنموونە هێنایەوە. بۆیە گوتی: "ئیدی کەس ناتوانێت دەمار و رەگوڕیشەی برایەتی نێوان گەلی تورک و کورد ببڕێت".

ئەردۆگان لەمیانەی لێدوانەکەیدا، جار جار باسی دڵسۆزی دایکانی بۆ چارەسەری دەکرد و گوتی: "بۆ ئێمە ئازاری دایکانی جۆلەمێرگ و ئازاری دایکانی یۆزگارت وەکویەکن".

ئەردۆگان لەبارەی مەسەلەی قەبووڵکردنی موخاتەبی کورد رایگەیاند کە ئەوان هێزی گەل و رێکخستنە ئاشکراکان بە موخاتەب وەردەگرن. هەروەک روونیشیکردەوە کە ئەوان پرۆژە و پاکێت بۆ چارەسەری پێشکەش ناکەن، بەڵکو قۆناخی چارەسەریان دەستپێکردووە و گوتی: "لەکۆتاییدا ئێمە راستگۆین، ناتوانین لەبەرامبەر مەرگی لاوەکان دان بەخۆدابگرین، هەروەک ناتوانین لەبەرامبەر ئازاری دایکان بێدەنگ بین. ئێمە لەسازگاری رووباری بۆتان-ەوە جۆش وەردەگرین. پێویست بەهەرچی قوربانییەکیش بکات ئێمە حازرین. هەر بەمشێوەیەش تورکیا گەورە و بەهێزدەبێت".

# هەرزان بازاڕەکان



**لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێراییەی شاری هەولێر بەخۆیوە دیوە، تێبینی دەکرێ ژمارەی مۆڵ و سۆپەرمارکێت و بازاڕەکانی دەرەوەی بازاڕی گەورە بەرەو زیادبوون دەچن، بەتایبەت لە شەقامە سەرەکییەکان و ئەو گەڕەکە تازە دروست بووانەی شاری هەولێر، هاووڵاتییان بە خۆشحاڵییەوە لەزۆربوونی سوپەرمارکێتەکان دەڕوانن پێیان وایە نرخەکانیان هەرزانە و شوێنەکانیان بۆتە هۆکاری جوانکاری بۆ هەولێر، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم چەند مانگەدا ژمارەیەک مۆڵ و بازاڕگا بەناوی هەرزان بازاڕەکان کراونەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەیان زیاتر دەبێت ئەوەی بەلای هاووڵاتییانەوە جێگای سەرنج بوو ئەوەبوو کە هەموویان پاشکۆ یان پێشگری هەرزانیان پێوەبوو لەوانە هەرزان بازاڕو هەرزان مۆڵ و هەرزان فرۆش و هەرزان هەرزان و هی دیکەش، شارەزایی بواری ئابووری وێڕای بەباش زانینی ئەم جۆرە بازاڕانە، بەڵام گلەیی لەوە دەکەن کە کەلوپەلی خۆماڵی لەم بازاڕانە بەدی ناکرێت.**

**ڕاپۆرت: هێمن محەمەد**

## بەڕێوەبەری هەرزان بازاڕ:

## وشەی هەرزان بازاڕ ئێمە دامان هێناوە کەسانی دیکە لاسایی ئێمەیانکردەوە

**سەبارەت بە هەرزان بازاڕەکان (سەرکەوت کەریم) بەڕێوەبەری پۆشاکی هەرزان بازاڕ بۆ جلوبەرگی پیاوان پێی وابوو** کرانەوەی ئەم جۆرە بازاڕانە لە بەرژەوەندی هاووڵاتییان دایە، چونکە شوێنەکانیان لەسەر شەقامە سەرەکییەکانن دوورن لە جەنجاڵی بازاڕ و شوێنی تاقیکردنەوەی جلوبەرگیان هەیە و لەگەڵ بوونی بەرگدروو لەناو بازاڕەکەیان بۆ کورتکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو جلوبەرگانەی کە پێویست بکات دەستکاری بکرێت. سەرکەوت وێڕای ئەم باسانە گوتی: ئێمە بۆیەکەمجار بیرمان لەوە کردەوە کە وشەی (هەرزان) بەکاربهێنین دواتر کەسانی دیکە سوودیان لە وشەی هەرزان وەرگرت، ئێستا بەدەیان هەرزان بازاڕ لەم شارە دایە هەیە و بەرەو زیادوونیش دەچن، هەروەها گوتی: ئەو خەڵکانەی کە ڕوومان تێکدەکەن کەیف خۆشن بەوەی کە نرخەکانمان هەرزانە و دیاریکراوە و دەرفەتی مامەڵەکردنمان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە بۆ هەموو کەس یەک جۆرە نرخمان هەیە، هەروەها گوتیشی ئەمجۆرە جلوبەرگانەی کە هەمانە بەزۆری جلوبەرگی تورکین بریتین لە پانتۆڵ و وکراس و تیشێرت و چاکەت و پانتۆڵ و پێڵاو و سەندەڵ و قایشی پانتۆڵ بە چەندین جۆرەوە، شارەزایی بواری ئابووری هۆکاری زیادبوونی ئەمجۆرە بازاڕانە دەگێڕنەوە بۆ سەقامگیری و ئارامی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و مووچە خۆرانی حکومی **لەم بارەیەوە (شەماڵ نوری) ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری لە سەندیکای ئابووریناسی کوردستان و گوتی:**

سەقامگیری و ئارامی لەپاڵ باشبوونی گوزەران و داهاتی زۆرینەی هاووڵاتییان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەتایبەتی لەشاری هەولێر، کە بۆتە سەنتەرێکی بازرگانی و ئابووری و چەندین دامودەزگای حکومی و



# مۆدیلێکی تازەی بە بازاڕکردن

تایبەت و کونسوڵخانە و ڕێکخراو و کەناڵی جۆراوجۆری ڕاگەیاندنی تێدایە، ئەمانە هەمووی هۆکاربوون بۆ زیادبوونی سوپەر مارکێت و بازاڕە هاوچەرخەکان و تایبەتەکان، بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی یارمەتی زیادبوونی کڕیار و بەرزبوونەوەی خواستی هاووڵاتییایدا، بێگومان ناشبێت ئەوەمان لەیادبچێت کە ژمارەیەکی زۆری مووچە خۆران لەناو حکومەتێکی فراواندا نیشتەجێی شاری هەولێرن، ئەمەش وادەکات پارەیەکی زیاتر بڕژێتە ناو بازاڕەوە، ئەم زیادبوونەی سوپەرمارکێتەکان یارمەتی دروستبوونی کێبڕکێ و داشکانی نرخەکان و باشترکردنی جۆری کاڵا و بەرهەمەکان دەدات.

**لەگەڵ هەموو بۆچوون و ڕەخنەکان، بەڵام دیاردەی دامەزرانی سوپەرمارکێتەکان شارستانییە و ئومێد بەخشە بۆ زیاتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کڕیار و داشکانی نرخەکان، هەروەها لەدرێژەی وتەکانی ئەو ئابووری ناسە ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای ساخکردنەوەی کاڵا و بەرهەمی بیانی گوتی:** بەسەردانی سوپەرمارکێتێک ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای ساخکردنەوە و سەرفکردنی کاڵاو بەرهەمی وڵاتان ئەمەش لە غیابی چاودێری بازرگانی و نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی بەکارهێنەر کێشەکەی ئاڵۆزتر کردەوە، بەدرێژایی ڕۆژەکان تا درەنگانێکی شەو ئەم مۆڵ و بازاڕانە کراوەن و بەتایبەت ڕۆژانی هەینی بەسەدان هاووڵاتییان ڕوویان تێدەکەن، **لەیەکێک لە هەرزان بازاڕەکان گەنجێ بەناوی (محەمەد عوسمان) تەمەن (٢١) ساڵ کە قوتابی بوو لەزانکۆی دیجلە بەمەبەستی کڕینی جلوبەرگ هاتبووە پۆشاکی هەرزان بازاڕ سەرقاڵی لەبەرکردن و تاقیکردنەوەی چاکەت و** **پانتۆڵێک بوو لەبەرخۆیەوە دەیگوت** بەڕاستی نرخەکان هەرزانن و هەرزانی کەوتۆتە بازاڕ، **(محەمەد) لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری هەرێمی کوردستان چۆن دەڕوانیتە ئەمجۆرە بازاڕانە گوتی:** کرانەوەی ئەمجۆرە بازاڕانە وێڕای بوونی ئاسانکاری بۆ هەموو لایەکمان و بەخشینی سیمایەکی جوان بەشارەکەمان لەجەنجاڵی و قەرەباڵغی بازاڕ دووری خستینەوە جاران بۆ کڕینی کراسێک دەبوایە سەردانی بازاڕی گەورت بکردایە کاتێ زۆرمان لەدەست دەدا زۆریش ماندوو دەبووین، بەڵام ئێستا بەبێ ئەوەی کاتمان بڕوات و ماندوو ببین ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە پێویستمان پێیەتی هەیە بەنرخێکی هەرزانتر لەبازاڕی گەورە، شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خێراو فراوان بووە ڕووبەری شارەکە زیاتر بووە بەدەیان گەڕەک و ناوچە و شەقامی نوێ کراوەتەوە ئەمە هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ کردنەوەی سوپەرمارکێت و بازاڕە گەورەکان لە دەرەوەی سەنتەری ناو بازاڕ، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لە هاووڵاتییان کرانەوەی ئەم مۆڵ و بازاڕانە دەگێڕنەوە بۆ جێبەجێکردنی ماستەر پلانی پارێزگای هەولێر و گواستنەوەی بازاڕی دەڵاڵخانە و دەوروبەری کە جاران بازاڕێکی گەورە بوو خەڵکان لەسەر مێز و عارەبانە کاسبیان دەکرد، بەڵام بەهۆی جێبەجێکردنی ماستەرپلان ئەم کاسبکارە گوازرانەوە بۆ شوێنێکی دیکە، **لەم بارەیەوە (سەرکەوت کەریم) بەڕێوەبەری پۆشاکی هەرزان بازاڕ گوتی:** ئەمانی دەڵاڵخانە هۆکارێک بوو بۆ زیادبوونی ئەو هەموو هەرزان بازاڕانە، **لەهەمانکاتیشدا دوو گەنجی دیکە بەناوی (باوەڕ و سەردەشت) کە بەیەکەوە هاتبوون جلوبەرگ بکڕن هەردووکیان پێیان وابوو کە** کرانەوەی ئەم جۆرە بازاڕانە لەبەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییاندایە گوتیان جاران بازاڕی هەولێر گەورەترین مەڵبەندی دروستکردنی عارەبانە بوو لە بازاڕ بە سەدان مێزی فرۆشیارەکان و کاسبکاری دەستگێڕ هەبوون، بەڵام بەرزبوونەوەی گوزەرانی هاووڵاتییان، بەتایبەت مووچەخۆران هۆکاربوون بۆ وردە وردە کەمبوونەوەی عارەبانەکان و مێزەکان سەر شەقامەکانی ناو بازاڕ و کەمبوونەوەی جەنجاڵی ناو بازاڕی گەورە هەروەها **گووتیان هەرزان بازاڕەکان مۆدیلێکی تازەی بە بازاڕکردنە.**

## هاووڵاتییەک:
## هەرزان بازاڕەکان لە جەنجاڵی و قەرەباڵغی بازاڕ دوورمان دەخەنەوە



## ئابووری ناسێک:
## هەرێمی کوردستان بۆتە مەڵبەندی ساخکردنەوەی کاڵای بیانی







### عەقید خالید عەباس، نوێنەری پارێزگای هەولێر لە لێژنەی بنبڕکردنی زێدەڕۆییەکان:

# دیاردەی زێدەڕۆیی لەسنووری هەولێر بەرەو نەمان چووە

***لەماوەی رابردوودا زێدەڕۆیی لەنێو سنووری پارێزگای هەولێر یەکێک بووە لەو دیاردە دزێو و نامەدەنیانەی کە خەریک بوو سیمای شارستانی و مێژوویی پایتەختی هەرێمی کوردستان بشێوێنێ ورووخساری رەسەنایەتی و مۆزائیکی و جوانی و نۆژەنی لەو شارە دێرین و سەرکەشە دابماڵێت، ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە، لەگەڵ گۆڕانی باری دیمۆگرافی و تۆبۆگرافی و دەرکەوتنی هەولێر وەک بەهێزترین ناوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەرمایەگوزاری لەعێراق و ناوچەکە، دەبینین ئەو دیاردە قێزەوەنە پتر چەکەرەی کرد و بڵاوبووەوە.***

سەبارەت بە سروشتی ئەو دیاردە ناشارستانییە و ئاکامە نێگەتیڤەکانی، عەقیدی پۆلیسی مافپەروەر خالید عەباس رەشید، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆیە لە دیوانی پارێزگای هەولێر، نوێنەری پارێزگاشە لە لیژنەی بنبڕکردنی زێدەڕۆییەکان دەڵێت: "لە رابردوودا زیادبوونی دانیشتوانی هەرێم و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری هاندەری بەهێز بوون بۆ تەشەنەسەندنی دیاردەی زێدەڕۆیی، بەتایبەتی لەناوچەکانی دەوروپشتی هەولێردا، وەک ناوچەکانی بەحرکەو مامزاوەو قەتەوی و سوێرو تورەق و...تد. لەم نێوانەدا پارێزگای هەولێر بۆرایی کردنی ئەرکەکانی و نەهێشتنی دیاردەی زێدەڕۆیی چەند لێژنەیەکی پێکهێنا، دوای ئەوەی خەریک بوو دیاردەکە زیاتر تەشەنە بسەنێت".

**عەقید خالید باسی لەوەش کرد،** کە ماوەی (٤) ساڵ لەوەوبەر لێژنەیەکیان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە پێکهێناوە، بە ئەندامێتی حاکم عومەر، نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی و خۆشی وەک نوێنەری پارێزگا، ئەو لیژنەیەش بە فەرمانێک لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەت پێکهاتووە، **لەمبارەیەوە زیاتر روونیکردەوە:** "بەئامادەبوونی خودی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و بەشداربوونی بەڕێزان پارێزگاری هەولێر و وەزیری کشتوکاڵ و شارەوانی کۆبوونەوەیەکمان گرێدا، سەرەنجام ئەو لێژنەیەی لێ بەرهەمهات بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، بەپاڵپشتییەکی بەهێزی مادی و مەعنەوییەوە، چونکە ئەوکات ئەو دیاردەیە بەشێوەیەک بڵاوببۆوە، بۆ نموونە، زەوییەکانی بەحرکە و زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکان وەکو پیشانگایەک نمایش دەکران و دواتر دابەش دەکران و بە مەتر و پارچە پارچە دەفرۆشران. بۆیە دەتوانم بڵێم، ئەو لێژنەیە چەند کارێکی گەورەی ئەنجامدا و تاڕادەیەکی باش توانی کۆنترۆڵی تەواوی ئەو شوێنانە بکات کە نزیکن لە هەولێر، لەبەرئەوە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت، دەتوانم بڵێم زێدەڕۆیی لەسنووری پارێزگای هەولێر نەماوە".

**عەقید خالید لەدرێژەی ئاخاوتنەکانیدا گوتی:** "ئەو لیژنەیە لەبەرئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەت و پارێزگاری هەولێر پشتیوانی

# هەژاری و بێکاری هۆکارێکە بۆ تەشەنەکردنی دیاردەی زێدەڕۆیی

تەواوی لێکراوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری برادەرایەتی و خزم خزمێنە و مەحسوبییەت یان بەرپرسێک زیادەڕۆیی کردبێت نەتوانێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، لەبەرئەوەی ئێمە هێزی تایبەتیشمان لەپشتەوەیە، بۆیە ئەگەر هەر دیاردەیەکی زێدەڕۆیی لەهەر شوێنێک بەدی کرابێت ئەوا هەوڵماندلوە بەزووترین کات چارەسەری بکەین، ئێستاش لیژنەکە بەرنامە و پلانرێژی کردووە بۆ زۆرێک لەو گوندانەی کە تخوبی گوندی ماوە یان زەوی تایبەت بەخۆیان هەیە یان باوکێک لەنێو خانووەکەی خۆیدا رووبەرێکی زەوی ماوە و کوڕەکەی پێگەیشتووە و دەیەوێ ژنی بۆ بهێنێت، ئەوانەش لەڕێی ناحیەکانەوە داواکارییەک پێشکەش دەکەن و دەگاتە لێژنەکە، دوای ئەوەی ئێمەش تەماشای دەکەین و سەرنج دەدەین لەگەڵ دیزاینی شارەوانییەکان ناکۆکی دروست ناکات، ئەوکاتەی ئێمەش بۆمان دەرکەوت کە حاڵەتێک تخوبی گوندە و بواری تێدا ماوە، ئەوا رەزامەندی لەو سەر ئەو جۆرە بابەتانە دەدەین".

**عەقید خالید ئەوەشی روونکردەوە** کە ئەوان وەکو لێژنەی بنبڕکردنی دیاردەی زێدەڕیی هەفتانە دوو تا سێ جار دادەنیشین و چاو بە داواکاری هاوولاتییان دەخشێننەوە، هەروەک لیژنەیەکی دیکەی پاڵپشتیان هەیە کە لەهێزی زێرەڤانی پێکهاتووە و لەهەموو ناوچەکان دابەشکراوە، ئەگەر هەر دیاردەیەکی زێدەڕۆیی ببینێت ئەوا خاوەنەکەی دەستگیر دەکات و زێدەڕۆییەکەشی تێکدەدات.

پرسی هەژاری و کەم دەرامەتی و بێکاری هۆکارێکە بۆ تەشەنەکردنی دیاردەی زێدەڕۆیی، **لەمبارەیەوە بەڕێز عەقید خالید عەباس گوتی:** "یەکێک لە بەرنامەکانی پارێزگای هەولێر ئەوەیە کە هیچ بڕیارێک نادرێت هەتاکو ئالتەرناتیڤ وچارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە. لەمڕۆوەوە دوای رەزامەندی سەرۆکی حکومەت، بڕیارێکی لۆژیکانە لەپارێزگای هەولێر دەرچوو کە دابەشکردنی زەوی لە قەزا و ناحیەکان بۆ ئەو کەسانەی کرێچین یان هیچ لانە و شوێنێکیان نییە، ئەوا بەشێوازی گونجاو و دۆزینەوەی رێگەچارەی شیاو گرفتی زێدەڕۆییەکان لادەبەن، هەر بۆیە لەتەواوی قەزا و ناحیەکان زەوییەکی زۆر لەلایەن حکومەت دابەشکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە کەم دەرامەت و کرێچین، بێگومان ئەم هەنگاوەش توانی سنوورێکی باش بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی زێدەڕۆیی دابنێت، دەتوانم بەئەمانەتیشەوە ئەو قسەیە بکەم، ئەوانەی کە زێدەڕۆیی دەکەن، زۆربەی خەڵکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوون، بەتایبەتی کاتێک بینیمان نرخی زەوییەکانی دەوروپشتی هەولێر بەرز بۆوە، بەحوکمی ئاوەدانکردنەوەیان کە ناوچەی تەماس بوونە لەگەڵ شار، لەبەرئەوە زۆربەی ئەوانەی زێدەڕۆییان دەکرد خەڵکانی سەرمایەدار و بەرپرس و خاوەن پارە بوون و دەیانویست بازرگانی بەو دۆخە بکەن، چونکە نرخی زەویەکانیش هەرزان بوون، بۆیە بۆ قازانج زەوییەکانیان دەکڕییەوە".

**لە قسەکانی عەقید خالید دەرکەوت کە بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە رەهەندێکی بازرگانیشی هەبوو. بەڵام هەروەک بەڕێزیان ئاماژەی بۆکرد:** "ئەو لیژنەیە خاوەن ئیرادە و کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری برادەرایەتی و مەحسوبییەت، بۆیە هەڵوێست و کاردانەوەی بەهێز وریکاری پێویست و گونجاوی هەبووە بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەی هەوڵی زێدەڕۆییان داوە، جا ئەو کەسانە گەدا بن یان پاشا بن. لەبەرئەوە لیژنەکەمان لەمڕۆوەوە بەهیچ کلۆجێک جیاوازی لەنێو هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵ نەکردووە لەبەرامبەر رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی زێدەڕۆیی، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێ کە هەندێ لەو زێدەڕۆییانە، بەتایبەتی لە زەوییە کشتوکاڵییەکان زۆر لەمێژە ئەنجامدراون و بوونەتە ئەمری واقیع، بۆیە تائێستا وەک خۆیان ماوەتەوە، بەڵام ئێستا باوەڕناکەم هیچ کەسێک لەسنووری پارێزگای هەولێر زاتی ئەوە بکا زێدەڕۆیی ئەنجامبدات".

## لێرەوە دەیڵێم

## کێشەی کارگێڕی



**ئازاد هەینی**

هەڵئاوسانی کارگێڕی بەکارمەندی زۆر و نەبوونی سیستەمێکی کاراو یاسایەکی مۆدێرن کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا بگونجێ، لەگرفتە هەرە زەقەکانی چەند ساڵەی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە بەهەموو کابینەکانیەوە، کە لەبەر هەر هۆیەک بووبێ چەندین ساڵە دایەرە و فەرمانگەکانی ئێرە بەو دەردەوە دەناڵێنن و ئەمەش زۆرجار بۆتە هۆی دواکەوتن و بەچاکی رانەپەڕاندنی کاروباری هاولاتییان، ئەندام پەرلەمانێک لەناو هۆڵی پەرلەمان گوتی: وەزیرێک پێی وتووم میلاکی وەزارەتەکەم پێویستی بە (٢٠٠) کارمەند هەیە و زیاتر لە (٥٠٠) سەد کارمەندیشیمان زیادە، ئەمە بەو مانایە دێ کە ئەو پێنج سەد کارمەندە توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نییە و دامەزراون، لەهەمان کاتیشدا ئەو وەزارەتە پێویستی بەدووسەد کارمەندی چالاک هەیە بۆ هەریەک لەبوارێک، کەبیری لێدەکەوێتەوە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ، لەلایەکی دیکەوە بێکاری ئەوانەی خوێندنی زانکۆشیان تەواوکردوە و تا ئێستا دانەمەزراون و ساڵانەش شەپۆلێک دەرچووی تازە دەکەونە بەر رەحمەتی تەعین بوونەوە، ئەمەش گرفتێکە بۆ حکومەت نازانێ چۆنچۆنی چارەسەری بکات، هەموومان چاوەڕێی ئەوە دەکەین پەرلەمان و حکومەتی نوێ، بتوانێ لە دەستپێکی کارەکانیدا کێشەی ئەو هەڵئاوسان و ئەو تازە دەرچووانە چارەسەر بکات و یاسایەک پەیڕەو بکەن نەشیش بسووتێ نەکەباب، پەرلەمان لەڕێی لێژنەی پسپۆڕ و شارەزایانەوە بتوانێ یاسایەک دابڕێژێ، خەڵکی لەو قەیرانە رزگاری بێ و کەسیش نانبڕاو نەکرێ، چونکە ئەوەش ناهەقیە سبەی بەبیانووی زۆریی فەرمانبەر خەڵکی بێکار بکەن و دووبارە بەدەست بەتاڵی بگەڕێنەوە سەر شەقام، بۆیە بوونی وەزارەتی پلان دانان لەحکومەتی تازە پێویستە وەزارەتێکی زۆر کارا و چالاک بێ بەپشت بەستن بەیاسا ناس و ئابووریناسان، تا بتوانن رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو دوو کێشەیە دابنێن و خەڵکیش ئۆخەیەک بەدڵی دابێتەوە و دڵی بەحکومەت و پەرلەمانی تازە و کارا خۆش بێ.

# مۆڵەت بەزیاتر لە (١٤) پڕۆژەی نیشتەجێبوون دراوە



**لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمپانیا و کەرتەکانی تایبەت سەدان پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەسەرتاسەری کوردستان بە ئەنجام گەیاندووە، دیارە پڕۆژەکانی ئاواکاری لە کوردستان جگە لە دامودەزگاکانی حکومەت،لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان رۆژانە پڕۆژەی جۆراوجۆر لە سێکتەرەکانی بازرگانی و تەندروستی و پیشەسازی و گەشتیاری و بانکەکان و گەیاندن و کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون لە کوردستان بە ئەنجام گەیشتوون سەبارەت بە کار و پڕۆژەکانیان سەردانمان کردن لەوێدا (کامەران موفتی) بەڕێوەبەری گشتی بەڕێکردن و هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دەستەی وەبەرهێنان سەبارەت بە**

**راپۆرت/ فاتیح بەرزنجی**

**کارەکانیان لە سێکتەری نیشتەجێبوون دا و گوتی:** بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون زیاتر لە (١٤) پڕۆژەیە و لە هەر سێ پارێزگاکانی کوردستان پڕۆژەی نیشتەجێبوون مۆڵەت دراون تا چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون بکەن ئەو (١٤) پڕۆژەیە نزیکەی (١٤) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە خۆ دەگرێت بۆ هاوولاتییان و پڕۆژەکانیش تایبەت بە خەڵکی کەم دەرامەتن، ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە (مشمولن) بە قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون جگە لەوانەش پڕۆژەی دیکە هەیە بۆ نیشتەجێبوون کە (سندوقی ئیسکان) نایان گرێتەوە لەبەر ئەوەی نرخەکانیان بەرزترە و ئەو پڕۆژانەش کێشەی هەندێک لە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر دەکات لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو بریتییە لە ساڵی ستراتیژی بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ئێمەش وەکو دەستەی وەبەرهێنان هاوکاری لەو چالاکییانە دەکەین ئەویش بە پێدانی مۆڵەت بۆ پڕۆژەکانی کشتوکاڵی و هەر پڕۆژەیەکی کشتوکاڵیش بگاتە دەستە ئەوا ئێمە رەزامەندی لەسەر دەدەین بە مەرجێک رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵی هەبێت.

**پڕۆژەکانی جۆراوجۆرن**

دواتر (کامەران موفتی) لە کۆتایی ئەو راپۆرتەدا ئاماژەی بەگرنگترین کار و پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێناندا تا کۆتایی مانگی نیسانی (٢٠٠٩) لە هەموو سێکتەرەکاندا لە سێکتەری بازرگانی لە هەولێر (٦) پڕۆژە و لە سلێمانی ١٥ پڕۆژە و لە دهۆکیش (٣) پڕۆژە لە سێکتەری تەندروستی لە هەولێر (١٠) پڕۆژە و لە دهۆک (١) پڕۆژە و لە سێکتەری پیشەسازی لە هەولێر (١٤) پڕۆژە و لە سلێمانی (١٥) پڕۆژە و لە دهۆکیش (٤) پڕۆژە و لە سێکتەری بانکەکانیش لە هەولێر (١) پڕۆژە و لە سلێمانی (١) پڕۆژە و لە سێکتەری گەشتیاری لە هەولێر (١٩) پڕۆژە و لە سلێمانی (٣) پڕۆژە و لە دهۆک (٥) پڕۆژە لە سێکتەری گەیاندنیش لە سلێمانی (٢) پڕۆژە و لە سێکتەری فێرکردنیش لەهەولێر (٢) پڕۆژە و لە سلێمانی (١) پڕۆژە و لە سێکتەری وەرزش لە هەولێر (١) پڕۆژە و لە دهۆکیش (١) پڕۆژە و لە سێکتەری کشتوکاڵی لە هەولێر (٨) پڕۆژە و لە سلێمانی یەک پڕۆژەو لە دهۆکیش یەک پڕۆژەو سێکتەری نیشتەجێبوون لە هەولێر (٩) پڕۆژە و لە سلێمانی (١٢) پڕۆژە و لە دهۆکیش (٢) پڕۆژە و کۆی گشتی دەکاتە (١٦٨) پڕۆژە .

**پڕۆژەکانی خۆماڵی و هاوبەش و بیانین**

سەبارەت بە پڕۆژەکانی کوردستان کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی ئاماژەی بەوەدا:

لەدهۆک (١٥) پڕۆژەی خۆماڵی و (٢) پڕۆژەی بیانی و لەشاری سلێمانی (٤٥) پڕۆژەی خۆماڵی و (٥) پڕۆژەی هاوبەش و (١) پڕۆژەی بیانی و لەهەولێریش (٦١) پڕۆژەی خۆماڵی و (٩) پڕۆژەی هاوبەش و (١٣) پڕۆژەی بیانی ئەنجامدراون.








**کامێراو ئەرشیف:**
**شەهید عەبدولسەتار کەریم**

ئەم وێنەیە شەهیدی نەمر سامی عەبدولڕەحمانە لە کاتی ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی شەهیدی نەمر فەڕەنسۆ هەریری.. ئەوەی جێگەی داخە، وێنەگرەکەش کە هاوکاری خۆشەویستمان عەبدولسەتار کەریمە، لە کارەساتی ١ی شوبات شەهید بوو.

# ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسی عەقاری لە سلێمانی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە

لەسەر بودجەی پارێزگاری سلێمانی و بەبڕی نزیکەی هەشت ملیار دینار پڕۆژەی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاس عەقاری لە شاری سلێمانی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوەو ماوەی پڕۆژەکەش شەش مانگە.

**ئا/ ئاوات مەحمود سەعید- سلێمانی**



## هەق و ڕەق

# لەپێدانی پلەو پۆستی وەزیفی، پێویستە چیتر بەسەر یاساورێنماییەکاندا بازنەدرێت!!



عەزیز هەریری

نزیکەی شەش ساڵ بەری ئەمڕۆ و ،ڕێک لەمانگەکانی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) دا، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، بەئیمزای (پۆڵ برێمەر )، کە ئەوسا بەنوێنەرایەتیی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان سەرپەرشتیی کاروباری ئیداری و سیاسیی وڵاتی عێراقی دەکرد، بەمەبەستی چاکسازی لەسیستێمی مووچەورەوشی کاری وەزیفیی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بڕیاری ژمارە (٣٠) ی ساڵی (٢٠٠٣) دەرچوو، کە لە (١٠) جودا جوداو چەندین خشتەی تایبەت بەناونیشان و پلەی وەزیفی پێکهاتبوو، سەرەتا بڕیاریش وابوو ئەو فەرمانە لەمانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بکەوێتە واری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام بواری ئەوەیش درابوو، کە ئەگەر وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت لەماوەیەدا بۆیان تەواو نەکرێت، ئەوا دەکرێت لە (١ / ١ / ٢٠٠٤) دا وەکو دوا ماوە بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، ئەوەبوو هەر دوایراگەیاندنی بڕیارەکە داوودەزگاکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێڕاق و، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرتاسەری عێڕاق و هەرێمی کوردستاندا لێی وەخۆکەوتن و چەندین کۆبوونەوەی شیکاری وروونکردنەوە بۆ چۆنێتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەنجامدراو، بەهۆی بەردەوام گۆڕانکارییش لەناوەرۆکی بڕیارەکەو، ماوە ماوە دەرچوون وراگەیاندنیرێنمایی سەیرو سەمەرەی تازەیشەوە کەم تا زۆر لێرەو لەوی کێشەو ئاڵۆزی دەهاتنە پێشی، تەنانەت زۆر جاری وایش هەبوو بەدحاڵیبوونیش لەبڕیارورێنماییەکانرووی دەدا.

ئیتر زۆر جار واڕێکدەکەوت هەندی لەو بەڕێزانەی کاری شیکردنەوەی بڕیارورێنماییەکانیان لەئەستۆدابوو، ناچار پەنایان بۆ مەزاج و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان دەبرد، هەروا ئەو بەڕێزانەیش کەلەدایەرەکاندا خشتەی پلە وەزیفییەکانیانرێکدەخست ئەوا ئەوانیش بەمەزاجی خۆیان پلە وەزیفییەکانیان بەسەر فەرمانبەراندا دەبەخشییەوە، تەنانەت کارەکە وایلێهاتبوو لەزۆربەی فەرمانگەکاندا بەشی زۆری فەرمانبەرەکانیان کرابوون بە( بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری پێشکەوتوو) بەڵکو لەوەیش خۆشتر کەسانێک هەبوون بەسێ مانگ دوای دامەزراندنیان کران بە بەڕێوەبەر، کە بۆ پێدانی ئەو پلە وەزیفییە ئەگەر کارەکە بەشێوەیەکی ئوسوڵی و بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنی ورێنماییەکان ئەنجام بدرێت، ئەوا فەرمانبەر پێویستە بەلانی کەم نزیکەی بیست ساڵ خزمەتی هەبێت و، ئەو پلەیەیش لەمیلاکی فەرمانگەکەدا هەبێت و پەسندکرابێت، لەوەیش زێتر لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارورێنماییەکاندا زۆرجار جیاوازی لەنێوان وەزارەتەکاندارووی دەدا بەجۆرێک ئەم مەسەلەیە بەئاقارێکدا کەوت، کە دایەرەی واهەبوو زێتر لەچوار پێنج لە فەرمانبەرانی پلەی (بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری پێشکەوتوو) ی تێدابوو، هەربۆیەش زۆر لەکارو ئەرکیرۆژانە هاووڵاتیان وەکو پێویست بەڕێوە نەدەچوو : چونکە دەردی پەندە کوردییەکەی لێهاتبوو : (( تۆ ئاغاو من ئاغا ئەی کی جێگامان بۆراخا ))، ئەمە وەنەبێ لەو نێوەندەدا خەڵکانیش نەبووبن کەبەررەحمەتی پەراوێزخستن و مەغدوورکردن نەکەوتبن و نەبووبنەوە، بەڵی بێگومان ئەم حاڵەتەیش هەبوو، بۆ نموونە، هەر لەو وەزارەتەی کە خودی خۆم کارم تێیدا دەکرد چەندین فەرمانبەری وا هەبوون، کە پلەی وەزیفییان (یاریدەدەری تێبینەر) بوو، بڕوانامەکانیان وەکو یەک بوو، بەڵام بەشێک لەو بەڕێزانە بەهۆی ناسین و نزیکیانەوە لە فلانە بەرپرس و فیسارە دەسەڵاتدار هەر زوو کران بەبەڕێوەبەر -واتە بەیەکجار پێنج پلەی وەزیفییان پێدرا: کەچی بەشێکیش لەهاوکارانی ئەوان، کەهەمان بڕوانامەی خوێندن و لەهەمان پلەی وەزیفیی ئەواندا بوون ، چەند ساڵێک دوای ئەو بەڕێزانە ئینجا یەک پلەی وەزیفییان پێڕەوا بینرا، لێرەدا وەنەبێ من لەگەڵ ئەوەدابووبم، کە فەرمانبەران هەقی خۆیان نەدرێتی : بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەیشدانیم، کە خەڵکانێک بەناهەق پۆستی وەزیفی وەربگرن، بۆیە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم ،ڕەنگە بەشێکی باش لەو فەرمانبەرانەی خرانە (پلەی پێنج و چوارو سی و دوو) ـەوە ئەوا هەقی خۆیان بوو دەبوو ئەو پلە وەزیفییانە وەربگرن : بەڵام لەپاڵ ئەوانیشدا کەسانێک هەبوون، کە نە بەساڵانی خزمەت و نە بەلێهاتوویشەوە شایستەی ئەو پلە وەزیفییانەی وەکو ئەوان بوون، کەچی کابرا گوتەنی: ((بەقودرەتی ناسین و نزیکی لە ئەم و ئەوەوە)) پلەی وەکو ئەوان و، بەڵکو زۆر سەرووتریشیان پێدرا، ئیتر ئەوەبو کارەکە هەر زوو لەدەست دەرچوو و وەک، برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان دەبێژن ــ (أختلط ألحابل بألنابل) ی لێهات.

برای خوێنەری ئازیز : ئێوەیش برایانی بەرپرسی باڵاو پەیوەندداری لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا : من بۆیە ئەم هەموو پێشەکییە دوورو درێژەم هێنایەوە، بۆ ئەوەی بینمەوە بیری هەموو لایەکتان، کە دوای ئەوەی پەرلەمانی تازەو حکومەتی تازەی دوای هەڵبژاردنی تازە دەست بەکار دەبن، ئەگەر گەرەکیان بێت چاکسازی لەئیشوکارەکانی داوودەزگاکانی حکومەتدا بکەن، ئەوا دەبێ کار بۆ ئەوە بکەن، کە لەبەشی هەرە زۆری کارو ئەرکەکاندا یاسا برا گەورەی هەمووان بێت و، ئەوەی یاسارێگەی نەدات نەکرێت و، بواری بازدان بەسەر یاساورێساو ماف ورێنماییەکان و، پەنا بردن بۆ فلانە بەرپرسی باڵا، بۆ وەرگرتنی پۆستێکی باڵا، یان پلەیەکی وەزیفی کە کەسەکە شایستەی نەبێت، نەک هەر تەسک بکرێتەوە، بەڵکو هەر نەیشمینێت، خۆ ئەگەر ئەم حاڵەتە پەیڕەو پیادەبکرێت، ئەوا ئەوسا پێموانییە کەسێک هەبێت گلەییی لەبەرپرسانی حکومەت بکات، کە فلانە کار بەناهەق و بەپێچەوانەی یاساورێنماییەپەیڕەوکراوەکان لەفلانە وەزارەت و فیسارە داوودەزگای حکومەتدا ئەنجامدراوە.

خۆزگەی ئەوەیش دەخوازم، کە ئەو پلە وەزیفییە تایبەتانەی وەکو (بریکارورراوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی) و، پلەی وەزیفیی وەک (شارەزاو بەڕێوەبەری تەنفیزی) و (بەڕێوەبەری پێشکەوتوو و تەنانەت بەڕێوەبەریش) نەک هەر لەسەر بنەمای بڕوانامەی خوێندنەوە بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی لەکاری وەزیفیشدا بێت، لەوەیش زێتر خۆزگە حکومەت بۆ پێدانی پلەی تایبەت بەفەرمانبەرانرەچاوی یاسای وەزارەتەکانیشی بکردایە، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون و، ئەنجومەنی وەزیرانیش خۆی بەرپرسی یەکەمە لەجێبەجی کردنیاندا، بۆ ئەوەی ئیتر کە بەڕێوەبەرێکی گشتی دادەندرێت دەرچووی کۆلیژ بێت و لەو ساڵانەی خزمەتیش کە بۆی داندراوە کەمتری نەبێت، بەهەمان شێوەیشراوێژکارو شارەزایان، نەک کەسانێکی دەرچووی قۆناخی (سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگە) بن، کە ئێستا لەزۆر لەوەزارەتەکاندا هەن لەو پۆستانەدا جێگیر کراون، بەبیانووی ئەوەی ئەوان لەیاساورێنماییەکان بەدەرگیراون .

بەهەرحاڵ بەبۆچوونی من لێرە بەدوا بۆ پێدانی پلەو پۆستی وەزیفی لەداوودەزگاکانی حکومەتدا پێویستە چیتررێگەی بازدان بەسەر یاساورێنماییەکاندا نەدرێت، بەڵکو پێویستە (بڕوانامەی خوێندن و شارەزایی و لێاتوویی و ساڵانی خزمەت) بکرێنە پێوەرێراستەقینەو بنەڕەتی بۆ پێدانی پلەو پۆستە وەزیفییەکان.



# ئەمڕۆی کەرکووک



**تاریق کاریزی**

تیرۆریستان، ئەگەر بە هەر ناوێکەوە کار بکەن، بە غەیری پاشماوەی بەعس کەسی دیکە نین، ماوەیەکە شەڕی دژ بە کورد و شیعەیان دەست پێ کردووە. دوێنێ کە بەعس دەسەڵاتدار بوو، کورد و شیعەی لەسەر بنەمای دەمارگیریی نەتەوەیی و مەزهەبی قڕ دەکرد. ئەمڕۆش کە لە دەرەوەی دەسەڵاتە، لە سایەی تیرۆردا قڕیان دەکات.

لە تازە تورکمانی شیعە کەوتنە بەر پەلامار، لە مووسڵیش کورد و تورکمانی شیعە پەلامار دران، لە کەرکووکیش لە سێ شوێنی سومبولی (شۆریجە، ئازادی، رەحیماوە)، کورد کەوتە بەر پەلاماری تیرۆریستی.

رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ دوو کامیۆنی پڕ لە (تی ئێن تی) لە گوندی خەزنە (گوندێکی کوردی شەبەکە و ١٠ کم لە مووسڵەوە دوورە) تەقینەوە، دەیان ماڵ خاپوور بوون، زیاتر لە ٥٠ کەس شەهید و(٢٠٠) کەسیش بریندار بوون. سەرباری چەندین کەسی دی کە لە ژێر کەلاوەی رووخاودا مابوونەوە. مووسڵ و کەرکووک یەک دەرد و ژانە، سوێی هەردووکیشیان ئاوێتە بە یەک دەبێت.

دورەید کەشموولە پارێزگاری پێشووی نەینەوا لە دیمانەیەکدا کە کەناڵی ئاسمانیی (الموصلیە) پەخشی کرد گوتی"کورد هەرگیز تیرۆر ناکات". کەچی لە گەمەیەکی سیاسیی ناپاکدا، ئوسامە نوجەیفی پەرلەمانتاری عیراق و براکەی ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری نەینەوا، بێ هیچ بەڵگەیەکی دیار دوای هەر تەقینەوەیەکی تیرۆریستی، تۆمەتەکەی دەخەنە ئەستۆی کورد و پێشمەرگەوە. بە بۆچوونی ئەوان (بەردێ لە ئاسمان بەربێتەوە) خەتای کوردە!

بەعس شەڕی پاکتاوی نەژادیی دژ بە کورد دەست پێ کردووەتەوە. ئەگەر کەسانێکی وەک ئوسامە و ئەسیل لە ئاستی سیاسی و فەرمی بە ئاشکرا دژ بە ماددەی (١٤٠) بن، ئەوە دەستە شاراوەکەی بەعس بە کردەنی کار بۆ پووچەڵ کردنەوەی ماددەی (١٤٠) دەکات. دەیەوێ وەک هەنگاوی یەکەم رێ لە گەڕانەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر نەخشەی کوردستان بگرێت، لە هەنگاوێکی دواتردا بەعس نەخشە بۆ پەلاماردانی ناوچەکانی سەرووی هێڵی سەوز دادەڕێژێ. ئایدیۆلۆژیای بەعس ئەمڕۆ لە تیرۆردا خۆی دەنوێنێ، باوەڕی وایە کورد میوانی سەر خاکی نیشتیمانی عەرەبە، بۆیە لە روانگەی ئەوەوە کوردستان ئەفسانەیەکی نێو دنیای خەیاڵە نەک هەقیقەتێکی جوگرافی، دیموگرافی، مرۆیی و مێژوویی.

عەرەب نەتەوەیەکی دراوسێی کوردە. ئەم دوو نەتەوەیە ناتوانن دراوسێتیی خۆیان وەک هەقیقەتێکی مێژوویی و جوگرافی بسڕنەوە. لە واقیعیشدا سنووری نێوان هەردوو نەتەوەکە روون و ئاشکرایە، لە کەنداوی ئەسکەندەرۆنەوە دەست پێ دەکات و لە کەنداوی عەرەب-فارسدا کۆتایی دێت. لە عیراقدا عەرەب لە سایەی دەسەڵاتدا سنوورەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەزاندووە، کورد لەبەر ئەوەی نەتەوەی ژێردەست بووە، بە شۆڕش و راپەڕین بەرسڤی ئەو سنووربەزاندنەی داوەتەوە. بە تەن بەڵگەنامەی بەعسیش لەبەر دەستدان، کە چۆن هەزاران گوند و دەیان شارۆچکەی کوردستان خاپوور کراون، بە سەدان هەزار کوردیش لە پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە و نەینەوا راگوێزراونەتەوە.

بەعس و هاوشێوەکانی لە پەلاماردانی تیرۆریستانەیان بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە کورد و تورکمانەوە، پلان و بەرنامەی وردیان هەیە. بەر لە (٢٠٠٣)بەعس بەو هەموو گوشار و دەسەڵاتی خۆی نەیتوانی سیما و خەسڵەتی کوردانەی شۆریجە و ئازادی و رەحیماوە بسڕێتەوە، لە راپەڕینی (١٩٩١)شدا دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە دلێرانە پەلاماری بەعسیان دا. پلان و گوشارەکانی بەعس نەیانتوانی ناسنامەی کوردانەی ئەو شوێنانە زەوت بکات، بەڵام پەرلەمانتارانی وەک ئەوانەی ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان تێپەڕاند، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن رێ لە گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگرن. ئەوەی لە (٢٨)ی تەمووزی (٢٠٠٨)یشدا خۆی لە نێو خۆپیشاندەرانی کەرکووکدا تەقاندەوە، هەروەها ئەوانەی پەلاماری بازاڕی شۆریجە و چایخانەی کوردستان لە ئازادی و بازاڕی رەحیماوەشیان دا، تێکڕا یەک دەست و یەک بیر و یەک ئامانجن، ململانێیەکە بۆ ساغ کردنەوەی ناسنامەی کەرکووک. لایەنێک دەیەوێ بە دەستوور و دیموکراسی بێت، لایەنێکیش دەیەوێ بە تیرۆر و شێواندنی راستی یەکلایی بکاتەوە. ئایینده دەیسەلمێنێ کام لۆژیک دەیباتەوە، بە دڵنیاییەوە هەموو دنیا بۆ دیموکراسی و دەستوور پشتیوان دەبێت نەک بۆ تیرۆر و رەشەکوژی.